# کپکردنی ئاگری دوو دڵ

سالآنێکه کۆچەرێکی وێڵم به دوای ناونیشانت

له کوێ و له چ هەوارێك بەسەر دەبەی ژیانت

شار خامۆشه و شەقامەکان چۆڵ و بێدەنگن

گوڵەکانیش به دەست خەزانی عەشقتەوە بێ
رەنگن

تۆ ئەڕۆیت و جەستەی ماندووم سێداره
چاوەڕوانییەتی

خۆری هیوام وا ئەمڕۆکه دوارۆژی ئاوابوونییەتی

ئەمڕۆکه خولیا و ئاواتم به پەتی سێداره
هەڵدەواسن

لەم ولآته بێ دڵەکان وشەی عەشق ناناسن

نازانن هەستی دڵدار له تاوان چەندە دووره

ئەو گولآنه دەژاکێنن که رەنگیان سووره

زەرەدەخەنە لە لێوەکان ئەتۆرێنن

بینای عەشقی راستی و پاکیش ئەڕوخێنن

کاتێ ئەبیستن چرای عەشقی نێوان دووکەس هەڵگیرساوە

زۆر تامەزرۆن بۆ کپکردنی ئاگری دڵی ئەم دوولاوە.